مالکی پێشوازی کرد لە باییزی تورکیا لە عێراق



ئەمڕۆ یەک شەممە "نووری مالکی " سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، داوای بەردەوامی گفتوگۆی نێوان هێزە سیاسییەکانی کرد، بۆ چارەسەرکردنی کێشکان بگوڕێی دەستوور و یاسا . نووسینگەی ڕاگەیاندنی "مالکی"لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەمڕۆ "نووری مالکی" سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا،لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە "عەلی ئەزا گونای " باییزی کەماری تورکیا لە عێراق کرد. وەک بەیاننامەکە باسیکردوە :- هەردووڵا پێداچوونەوەیان بە پێیوەندییە دووقۆییەکانی نێوان هەردوو وڵات و ئاگاکانی پتەوکردنیان کردوە بۆ شۆێنک کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بکات،هەروەک باسیان لە دەستدرێژی رژەمی زایەنی کرد بۆ سەر کەرتی غەززە. مالکی" جەختی لەوە کردوە کە کیانی زایەنی دەسدرێژییەکانی لە دژی خەڵکی بێتاوان و بێ بەرگری لە کەرتی غەززە دەستی نێپاراستوە ، وڵاتانی ئیسلامیش دەبێ لە دژی ئەم دەستدرێژییە بوەستنەوە، هەروەک داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد هەوڵستەکانی سەبارەت کەرتی غەززە بخاتەروو و ئەو کۆمەکوژییە ڕابگرێت. بەپێی بەیاننامەکە مالیکی ڕایگەیاندوە :- کە عێراق خۆی ئامادەی دەکات بۆ هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان بۆ هەڵبژاردنی حکومەتە خۆجێییەکان کە توانای جێبەجێکردنی مەرجەکانی گەلی عێراقیان هەبێت، هەربۆیە پێویست دەکات بەردەوام گفتوگۆ لەنێوان هەموو هێزە سیاسییەکان هەبێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشکانی ئێستا بگوڕێی

دەستوور و یاسا بۆ مەبەستی پاراستنی سەقامگیری و تەواوکردنی پرۆسەی بنیاتنانی سیاسی و ئابووری لە وڵاتدا. لە بەرامبەردا گونای جەختی لە خواستی وڵاتەکەی کردەوە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی هاوکاری لەگەڵ عێراق، و هەماهەنگکردن لەبارەی ئەو پرسانەی کە جێگەی نیگەرانی گەلانی ئیسلامین، دیارترینیان پرسی فەلەستین و وەستان لەگەڵ گەلی فەلەستین.